# گیانم پڕعەشقی تۆیە ئاخر

م . حەمید عەزیز

حەزم دەکرد ببمە خاکی بەرپێی مەحشەر بەس تۆ بەئاگر نەسوتێی شاگووڵی من
هەرچی خەڵکی ئەوێ هەیە پێم لێبنێن باکم نی یە بەس تۆم هەبێ ئاسمانی شاهانەم ئەمن
چی یە ئەو سۆزی بورکانە کە دڵ هێندەی مستێک دەبێ کەچی دەریایەکە بێ کۆتایی
دەبم بە کانی و تەڕایی دنیا بۆت نامەوێ بسووتێی نابینم من بێ تۆ ئەی گلێنەو چاوی من
ناولەپ و دەستم تینووە بۆ گرتنت چەند دووری تۆ بۆمن دەهێندە نزیکی لە ڕۆحمەوە
ئەو شیعرەم مارە کرد لەخۆم کە نووسیبووم دوێنێ لەسەر دڵم لە جیاتی ڕۆح و جەستەی تۆ بۆمن
من دێوانەی ڕووی شەرمنی ئەو ڕۆحە پاکەم کە چۆن و بە چ پێنووسێ نەخشی کێشای
منێکی دێوانەی تۆ گوناهم چی یە ئیتر دڵم ئەسیری ڕووی تۆیە کە مانگی چواردەیە بۆمن
گیانم پڕ عەشقی تۆیە ئاخر ڕووباری هەست و دەنگی تاری ئیفتیخاریت بۆ نەستی بیستتم
ئەوەی واتای سیمفۆنیای ئاوازی منە هەرتۆی کە ئاوی ڕەحمەتیت بۆ سینەی بریندارى من
حەزم دەکرد مەلێک دەبووم هێدی هێدی دەفڕیم بۆلات تا باسی مرۆڤ و عەشقت بۆ بکەم
هەرچوار وەرز بێ دڵ ئێشان وواتای عەشقە ئیدی باوەشی تۆ دەبوو بەهێلانە بۆمن
دنیا گووڵ و بەیبوونە لە چاومدا بۆتۆ دەژیم تۆی هەناسەو بینینی من لەم زوڵمەتە
دنیا هەمووی باخ و گووڵ بێت لای من هیچە تەنیا عەشقی خونچەی خۆمم ئەمن
شەوان درەنگانێ لەگەڵ هەناسەت تێکەڵم لەگەڵ باڵات دۆست و هاوڕێم
لەگەڵ مۆسیقای ڕۆیشتنت من هەنگاوم لەگەڵ فرمێسک و گریانت فەرهادم ئەمن
عەزیزی من ووشەم نی یە پێناست بێت بەڵام باوەشی گەرمی من ماڵی تۆیە
شتێک شک نابەم لەماڵی ئەم کەونە هیچە هەموو سەرمایەم عەشقی گەورەی تۆیە بۆمن
بۆیە ئەمرم و نایەڵم تۆ بسووتێی بەو جەهەنەمی هۆش و بیرە چڵکنە
گیانم پڕ عەشقی تۆیە ئاخر چرای ڕۆحی تەنهایی و فریشتەی دڵی بریندارى بۆمن

Hamid773@hotmail.com